www.kurdistannet.org
20-5-2003 20:38

# لەسەر کورسییەکانتان بەردەوام بن. . !

نورەدین سەعید وەیسی

لەبارزانیو تاڵەبانییەوە بگرە تا دەگاتە محەمەد باقر حەکیم و حەمە چەلەبی وعومەرئاغای سوورچی، هەرهەموویان داوای سیستەمێکی دیموکراتی بۆ عیراق دەکەن، کەچی ئەگەر سەدام هەموو جارێ لە هەڵبژاردنە کارتۆنییەکاندا 99%، 99 هێنابێت، ئەو بەڕێزانە بەچەپڵەو هەلهەلە لێدان بوونەتەسەرۆك وسکرتێرو ڕابەروهەتا ئەو ڕۆژەی ئیسرافیلیش فوو دەکا لە نەفخی سووری هەر خۆیان و کوڕو براو برازاکانیان سەرۆك وسکرتێرو ڕابەرن. . !

گرفتەکە لەعیراقدا ئەوەیە هەموو حیزب وهێزو لایەنەکان خۆیان بەقوتابخانەی دیموکراسی دەزانن، قوتابخانەیەك کە هەموویان دەیانەوێ مامۆستا بن و دەرسی دیموکراسی بڵێنەوەوکەسیشیان ئامادە نین ببنە قوتابی، لەوەش خۆشتر ئەوەیە ئەگەر لەبارەی دیموکراسییەوە لەگەڵ هەر تاکێکی عیراقییەوە قسە بکەی، ئەوە هەزاری وەك ئەفلاتۆن وئەرستۆو ئالان تۆرینیش بە شاگرد راناگرێ !، جا گەلۆ وەزعەکە وابڕوا بڵێی دیموکراسی لەعیراقدا بویرێ سەردەربێنێ؟!

ئەمریکا بەکۆشێك بەڵێنەوە کە لەسەروویانەوە دیموکراسی بوو، لوولەی دەبابەکانی لەعیراق کردوهەتا بەغدایێملیان لێنا، من دەزانم دیموکراسی ئاوی موقەتەر نییە تا وەك چۆن لەگەڵ گەیشتنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ئوم قەسرو بەسرا بەسەر خەڵکیان دابەش کرد، ئاوا ش بەسەر عیراقییەکانی دابەش بکەن، دەشزانم لە ئەسینا سێ سەدە تێپەڕین تاسیستەمی دیموکراسی جێگیربوو، لەبەریتانیاش پترلەپێنج سەدەی خایاند، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم کە ئەمریکا بەشەوورۆژێك پتر لە 700 ملیۆن دۆلاری لە عیراق دۆزیەوە هەق بوو لەماوەی زێتر لە مانگێکیشدا ئەو بەڵێنەی خۆی بێنێتەدی کە هەر فەرمانبەرێك 20 دۆلاری وەك مووچە بدرێتێ، چونکەخەڵك کە ئاووکارەباو مەعاشینەبووئازادی و دیموکراسی بە فلسێك ناوێ.

چەند مانگێکە لە کوردستاندا ( (کە بەرپرسەکانی زوو زوودەڵێن تاکە ئەزموونی دیموکراسییە لە ناوچەکەدا) ) بەبیانووی شەڕەوە مووچە نەدراوە، من بۆخۆم ناهەقی هیچ مووچەخۆرێك ناگرم کە لەداخیبێ مووچەیی بڵێ خۆزگە ئەم شەڕە هەر نەبووایە.

حیزب و هێزو لایەنەکانی عیراق بەچەپ وڕاست وگەورەوبچووکیانەوە تا ئەوکاتە دیموکراسیان قبووڵە کە لەگەڵ بەرژەوەندیان بێتەوە، کە کورسی ودەسەڵاتیان بۆ مسۆگەربکا، جارێکیان ڕۆژنامەوانێکی عەرەب بە گاڵتەوە نووسیبووی دیموکراسی لە بنەچەدا وشەیەکی عەرەبیەوکورتکراوەی (دیموا علی الكراسي–بەردەوام بن لە سەر کورسییەکانتان) ە، پێموابێ مامۆستاکانی دیموکراسیش لە عیراقدا هەروای لێ تێگەیشتوون.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.